# ئەگەر تەنیایی لێگەڕێ
# دڵم لە باراندا شینە



**زانا سامان**

دەمێک نییە وام..!
دەمێک نییە
تەنیایی، بەسەرپۆشە شێدارەکەی خۆی دامدەپۆشێ‌و
زەینم بە پەڕۆیەکی کەسکەوە دەپێچێتەوە
تەنیایی، ماڵەکەمی بە کپبوونی خۆی سواغداوە
ئاوێنەکەمی
لەنێوان خۆی‌و خۆمدا بزرکردووە،
هەندێکجار
بە خاتری ئەوەی رامبینێت لەخۆی
هەڵپەی یارییەکی عەنتیکە دەکات
بەزمان، فرمێسکی سەر رووومەتم دەلێسێتەوە
تەنیایی..
لەسەر ئیقاعێکی غەریب
رایهێناوم
هەموو جارێک

که دەست دەبەم
بۆکردنەوەی
دەرگای ژەنگنی ژوورەکەم
تەنیایی.. نا نا نەکەیت
بەجیرەی ئەو دەرگایەت
کەرم بکەیتو
هەموو جارێک
تادێمەوە سەر نەسەبی خۆم
چەندین تاڵی تر لەقژت
سپیبێتەوە،
ژوورەکەی منو تەنیایی
چەندین رۆژنامەی تیایەو
هەر یەکەیان
بەجۆرێک قسەی خۆی دەڵێو
بەچەشنێکی تر
پێناسەی ساتەکانی
بیرچوونەوەی زەمەن دەکەن.

لە " رۆژنامەی باران" دا
هەواڵی دۆزینەوەی
گوڵێکی سووری تیایە
لەنێو گەرووی
وشکەڵگەڕاوی شیعرێکداو
مژدەی دۆزینەوەی
رێگاکانی
ئەودیو قیامەت دەردەخات.



لە "رۆژنامەی گریان" دا
چیرۆکە هەواڵێکە
دەگێڕێتەوەو دەڵێت:
لەوکاتەوەی روبار تۆراوە لە ئاسمان
ئاسمان یاخییە لەهەور
ئەم لەبری بێتاقەت بێو دابارێت
قاقا لەسەر پشت کەوتووەو پێدەکەنێت.

لە "رۆژنامەی بێدەنگی"دا
ریپۆرتاژێکە دەربارەی
ژیانێکی تر نووسراوە
ئەو گوڵە حاجیلانە ئاگادار دەکاتەوە



که غەرقی تاوانەکانی خۆیان بوون
ئەو حیکایەتە سووریاوانە دەگێڕێتەوە
که باس لە هات و هەرای
خۆسوتاندنی شۆڕەبی دەکات.

لە "رۆژنامەی ترس" دا
ستونێک هەیە
بەناوی
(پەنجا وشە
لەبری پەنجا تاوان..!)
باس لە کرمێبوونی ناوەوەی هەنارێکە
قسە لەسەر ئەو دەنکە هەنارانە دەکات
هەموویان لەیەک خوێنن
کەچی رۆحی یەکتر دەخۆن.

لە "رۆژنامەی سێبەر" دا
راپۆرتێک لە خۆرەوە
روناکیتان لێدەسێنمەوە
وادەکەم چاوتان جوانی نەبینێ
بە مانگ دەڵێم : بە تاریکیتان بسپێرێت
ئێوە، کە گەردێکن لە ئاو
ئێوە، کە تەمی غوبارێکن
کە توخمێکن لە مانا
کە وشەیەکن لە خۆتان
گەر دەستتان لەخوێنی ئەم کەردوونە دەرنەهێنن
تازە ئێوەو رووناکی.... رابردووی تاوانتان خۆش.

لە "رۆژنامەی رەنگ" دا
خۆتان لە رەنگی سپێدەکانی ئومێد
رووتکردۆتەوەو
دڵتان بە تەنافی حەوشەی ماڵەکانەوە هەڵواسیوە
خۆتان لە رەنگەکانی ژیان دوورخستۆتەوەو
لە کەنارەکانی مەرگدا گۆرانی دەڵێن
من نازانم...
سەرم لە حونجەکردنی زمانی ئێوە دەرناچێت.

لە "رۆژنامەی شاهانە" دا
لێکۆڵینەوەیەک هەیە
قسە لەسەر



نیگا بەجێماوەکانی
ئێوارانی حوزن دەکات
ئەو ساتانە شیدەکاتەوە
کە لە نووکی پەنجەی خەڵوەتنشینێک تکاو
روبارێک لە ئامێزی گرت.

لە "رۆژنامەی روانین" دا
وتارێکی گەلێک عەجیب دابەزیوە
ئەو وتارە
لەخودی نامورادیدا
باخچەکانی هیوا
ئاوپرژێن دەکاتەوەو
باڵە شکاوەکانی تەماشا
بە ئاسمانی نوێبوونەوەی سەبوریدا
دەهێنێتەوە هەڵفڕین.

لە "رۆژنامەی قەدەر" دا
بابەتێکە لەسەر تەنیایی نووسراوەو
دەڵێت:
" تەنیایی.. واتە دانبەخۆداگرتنی ماسییەک
لەبەردەم هەرەسی چەقۆیەکی گرکندا..؟!
تەنیایی.. بەشێکە لە خەونە کاڵەکانی موحیبەتو
دۆزینەوەی ئەو ئاوێتە نادیارانەیە
کە جیهان لەبەردەمیدا گەردێکی وردە"
بەمن بێت
هەموو رۆژنامەکانم ئەزبەربکەم
بە تەنیایی بێت
تەنها شتێک بۆ من باشە..!
وەک گوێگرتنم لە حیکایەتە شینەکانیو
وەک تەماشاکردنی رەنگەکانی خۆیو
وەک بیرکردنەوە لە بیرۆکەکانیو
وەک دۆزینەوە لە داهاتووی خۆی.

بەمن بێت
سەری خۆم بسپێرم بەهەرچی جوانییەو
مناڵیم لەبەر پێی شیعردا رابخەمو
پیریم لە پێش پەنجەرەکانی روانیندا هەڵخەم

بە تەنیایی بێت

کێڵگەی پێناسەیەکی تر لەمەرگدا بکێڵم‌و
لەنێو رۆحی عیشقێکی دیکەدا
تۆوی نیگەرانی کۆبکەمەوە

بەمن بێت.. ئەمجارە
بەمن بێت
شارێکی تر
لەخۆشاوی وشەکانمدا دروستکەم
مەخلوقەکانی، تابلۆو
مەخلوقەکانی شیعر
مەخلوقەکانی باخچەو
مەخلوقەکانی باخەوان
مەخلوقەکانی هەتاو و
مەخلوقەکانی روبار
مەخلوقەکانی مۆسیقاو
مەخلوقەکانی فریشتە
مەخلوقەکانی بەشێکبن
لە بەشە دارزیوەکانی جەستەی خۆم‌و
لە قریشکە وردەکانی ناو رۆحی خۆم.

بە تەنیایی بێت.. ئەمجارە
بەتەنیایی بێت
لەولاتەکەی ئەودا بژیم
بەشێکبم لەو مەخلوقانەی
بەخوێنی گەلا دەژین
لەحزەیەکبم لەو رۆحانەی
لەودیوی نەمرییەوە
قەسیدە دەنووسنەوە
نوکتەیەکبم لە قسەیەکی شیریندا
باخەوانبم
لە بەهەشتێکی دیکەدا،
تەنیایی، هێند نزیکبووەتەوە
ئەوەندە لەخۆیدا گیریکردووم
هەر باشە نابم بەتەم
هەر باشە بەشێکم ماوە
بۆ نووسینەوەی تەمەنم
تەنیایی، رێگەم نادات
بە تەنیا پیاسەیەک بکەم
لێناگەڕێ
ئاورێک لەخۆم بدەمەوە
نایەڵێت.. تەنیایی.. نایەڵێت
پەڕەسپییەکانی ئەزەل بخوێنمەوە،
تەنیاییە.. ماوەم نادات
ئەم ژانی رۆحە هەڵرێژمە
کەناری ماتڵبوونمەوە
تەنیایی
منی بەستۆتەوەو
خۆیشی لەگەڕان ناکەوێت
سپاردوومی
بەهێچستانی بێدەنگی‌و
ئاورێکم لێناداتەوە،
سەرم پڕبووە لەکۆترو
بێدەنگیم خورەی لێنایە
دڵم کەوتووەتە خوارەوەو
ئەم شیعرەم پێ تەواو ناکرێت
دەگەڕێمەوە لای خۆم‌و
بانگی تەنیایی دەکەم
کەچی وەڵامێک نییە
دەترسم
رۆشتبێ‌و
لێرە نەبێ‌و لێرە بێ‌و
دەرگاکە بکەمەوە
بشـڵـەقـــێ،
سکاڵا دەنووسم... سکاڵا
بەڕێز/.......
بابەت/مۆڵەت
تکایە رەزامەندی بفەرموون
بە مۆڵەتدانم
هەر هێندەی کەوتنەخوارەوەی گەڵایەک
لە ترۆپکی درەختێکەوە هەتا سەر زەوی
مۆڵەتێک
ئەوەندەی نووسینی دێڕێک
لەم دێڕانەی بەردەستت
تا ئەم شیعرەم تەواو بێت‌و
دڵی زەردم
لە باراندا شینکەمەوە.
لەگەڵ رێزی
لێزمە لێزمی باریندا...